مه هاباد قه ره داغی

## مافه کانی ژنان و ئه رکه کانی حکومه تی کوردستان



ڕامانێک له بزوتنه وه ی فێمینیستی کوردستان و،
به دواداچوونێکی خێرای "داخوازینامه ی ژنی کورد"
((به شی دووه م))

### بزووتنه وه ی ژنان له باشووری کوردستان:

سالّی ڕاپه ڕین، 1991 هێلێکی جیاکه ره وه یه له نێوان دوو قۆناغ بۆ گه لی کوردی به شێکی باشووری کوردستان. من لێره دا ئه م دوو قۆناغه به قۆناغی خنکان و قۆناغی هه ناسه دان ناوزه د ده که م. له قۆناغی خنکاندا گه لی کورد به گشتی به کۆیله کراوی ڕژێمی دیکتاتۆری به عس بوون. له کۆمه ڵگه نه ریتییه کاندا به گشتی پێگه ی ژن له پایینندایه و له دۆخێکی دژوارادایه ، ئه ی ئه گه ر کۆمه ڵگه یه ک وێڕای ئه وه ش ده ستبه سه ر و خنکاو بێت و، پیاوانیشی بێده سه لات بکرێن چی؟! ئه مه دۆخی زێده نائاسایی ژنانی کورد بوو له قۆناغی خنکاندا له پێش ڕاپه ڕین، که تایبه تمه ندییه که له پله ی چه وساندنه وه و سته می زیاد ده کرد و کێشه که ی ئالۆزتر ده کرده وه .

ئه گه رچی هه ندێ له حیزبه کان ڕێکخراوی ژنانیان هه بووه و له پێش ڕاپه ڕینیشدا و له قۆناغی خه باتی شاخدا ئه م ڕێکخراوانه ورده چالاکییان هه بووه ، به لاّم ناکرێ ده ستپێکی دامه زراندنی ئه و ڕێکخراوانه وه ک ده ستپێکی بزووتنه وه یه کی ژنان ناوزه د بکه ین. بۆ ئه وه ی ئه م بۆچوونه م به ڵگه دار بکه م، ئه م فاکته رانه ده ستنیشان ده که م:

یه که م: خه باتی ژنان فێمینیستانه ئاراسته نه کرابوو، واته به و ئاقاره ی که وه ک ژن به دوای ناسنامه ی ژندا بگه ڕێت. که ئه مه ش هۆکاری خۆی هه یه و په یوه سته به قۆناغی گه شه سه ندنی کۆمه ڵگه وه . ژنانی کوردیش به شێکی په راوێزخراوی ناو حیزبگه لێکی نه ریتی گه لێکی په راوێزخراو بوون.

دووه م: شۆڕشه کانی کورد، شۆڕشی نه ته وه یی بوون و، به شدارانی شۆڕش تێکه ڵ و پێکه ڵێکی ناهاوسه نگ بوون له کۆنه خواز و نوێخواز، له نه خوێنده وار و خوێنده وار، له ڕۆشنبیر و سه له فی و هتد. گومان له وه دا نییه که ڕووانین بۆ ئازادی ژن لای هه ر یه ک له و چین و توێژانه جیاوازه و شه پۆلی کۆنه خواز له چاو نوێخوازدا زۆرینه بووه و ئاسان نه بووه ڕه وتی خه باتی ژنان له دۆخی وادا ئاسایی و به ئاسانی به ره و پێشه وه بڕوات.

سێیەم: سەرکردەکانی کورد، سەرۆک و سکرتێری حیزبەکانی باشووری کوردستان بایەخێکیان بۆ پرسی ژن نەبووە و دروستبوونی ڕێکخراوەکانی ژنانی ئەو حیزبانە وەک مۆدێلێکی پارتایەتی بە پێویست زانراوە. ئەم مۆدێلەش تایبەت نییە بە نەریتی حیزب و حیزبایەتی لە کوردستاندا، بەلکە دیاردەیەکە لە دنیاشدا پەیڕەوی کراوە و حیزبەکان ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانیان هەبووە، بەڵام نەک بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبایەتی، بەڵکە بۆ ڕاپەڕاندی ئەرکی ئاسایکردنەوەی لاسەنگییەکان و، ئیشکردن بۆ یەکسانی و هاوسانی لە کۆمەڵگەدا.

قۆناغی دوای ڕاپەڕین، قۆناغی هەناسەدانی "تاڕادەیەک" ئازادی کورد بوو بە گشتی. ژنانی کوردیش بەو هەناسەیە بەهرەمەند بوون، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر، هۆیەکەشی زاڵبوونی کلتووری پیاوسالاری لە کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بوو. ئەو ئازادییە ڕێژەییەی بەشێکی وڵاتی گرتەوە بوو بە سەرەتایەکی بزێو بۆ چالاکی سیاسی، کلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کوردستاندا. بە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتیش "سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان" سترکتوورێکی دا بە قەوارەی کورد و، لەوساشەوە گروپ و ڕێکخراوە حکومەتی و ناحکومەتیەکان زیاتر چالاکییەکانیان گەشەی سەند.

دەکرێ چالاکییەکانی ژنان لە دوای ڕاپەڕینەوە چ وەک تاک، چ وەک گروپ و ڕێکخراوی پیشەیی و چ وەک ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حیزبەکان وەک سەرەتایەکی بزوتنەوەی فێمینیستی کوردی دابنێین. بەڵام بزوتنەوەیەکی کەمهێز و کەم کاریگەریی، بەهۆی قەیرانی ڕووانینی فێمینیستانەوە. بە بەراورد لەگەڵ نەوەتەکاندا، لە ساڵی 2000 بە دواوە گۆڕانێکی پۆزەتیڤ بەرەو ئاراستەی ڕووانینی فێمینیستی هەست پێ دەکرێت و بزوتنەوەی ژنان لە کوردستاندا "خەریکە" ڕەنگ دەگرێت و ڕەنگ دەداتەوە.

یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کەمڕەنگی خەباتی فێمینیستی لە ساڵی ڕاپەڕینەوە تا ساڵی 2000 ململانێی حیزبایەتی و شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو حیزبی پێکهێنەری حکومەت پدک و ینک بوو. دیارە ئەو شەڕە و بارگرژییەکانی نێوان ساڵی 1995 و 2000 نەک تەنها زەبری لە خەباتی ژنان وەشاند و دەنگی ژنانی لەت کرد، بەڵکە ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی خستە قەیرانەوە و باشووری کوردستانی لەت کرد. لەتبوونی ئەم بەشەی کوردستان تەنها دابەشبوونی حکومەتی لێ نەکەوتەوە، بەڵکە کاریگەری لەسەر تێکڕای دیاردە پێکهێنەرەکانی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگە دانا. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕووبەریانە لە خەباتی ژن نەڕوانین و بە چاویلکەیەکی کۆمەڵناسی لەو فاکتەرانە ورد ببینەوە کە ڕۆڵیان لە سستکردنەوەی هەنگاوی ژنان لە کوردستان دا بینیوە، بە تایبەتی لە

دوای ڕاپەڕینەوە، ناکرێ چاو لە فاکتەری شەڕی ناوخۆ، وەک کاریگەرترین گورز نەکەین، کە ئاکامی تا ئەمڕۆش ماوە و بەربەستێکە لە بەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵگە بە گشتی. نموونە هەرە سادە و گرنگەکانیش:

- نە یاساکانی ئیدارەی سلێمانی لە هەولێر برەویان هەیە و نە یاساکانی ئیدارەی هەولێر لە سلێمانی کاریان پێ دەکرێت. کاتێ ژنان خەبات دەکەن بۆ گۆڕینی یاسای کۆن و دانانی یاسای مەدەنی لە جێگەیان دەکەونە بەردەم ئەو ئاستەنگە گەورەیەی لە کام ئیدارە داوا بکەن؟ ئەگەر لە یەکێکیشیاندا یاسایەک گۆڕا خۆ ئەوە نابێتە یاسا بۆ هەموو کوردستان؟ ئەی ئەگەر یەکێک لەم دەڤەر یاسا شکێنی کرد و پەڕییەوە ئەو دەڤەر، خۆ یاسا نوێیەکە نایگرێتەوە و دەرباز دەبێت لە سزا؟ لەم دۆخە زۆر دژوارەدا خەباتی ژنانی کوردستانیش لەت و پەت دەبێت و هەمان کلتووری حیزبایەتی ئەمانیش هەر یەکەو گۆشەگیری دەڤەری سنوورداری خۆی دەکات و، لە ئاکامدا خەباتەکەشیان دەبێتە خەباتێکی لۆکاڵ و گشتگر نابێت. ئەگەر دەستکەوتێکیشیان هەبێت، دەستکەوتێکی لۆکاڵە و هەموو ژنانی کوردستان ناگرێتەوە.
- هەمان فاکتەر دەبێتە هۆی ئەوەی خەباتی ژنانیش کاردانەوە بێت لە ئەنجامی دیاردەیەکی ناپەسەندنی بەرامبەر، نەک کار بێت بۆ نەهێشتنی دیاردەی هەڵاواردن بەرامبەر بە ژنان لە کۆمەڵگەدا. کێبەرکێی حیزبایەتی بێت کە زیاتر لە بۆتەی بانگەشەدا دەمێنێتەوە، نەک پێشبڕکێی گەشەسەندن و بەدەستهێنانی ماف بۆ ژنان.
- کلتووری حیزبایەتی وای کردووە کە ئەو جێگە کەمەش کە لە ناوەندەکانی بڕیاردانداا بە ژن دراوە لە هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر، بدرێ بەو ژنانەی کە ئەندامی گوێڕایەڵی دوو حیزبە فەرمانڕەواکەن و لە قسەی فەرماندەکانیان دەرناچن. ئەو ژنانەش نەک بەهۆی لێوەشاوەیی و تواناکانیانەوە هەڵدەبژێردرێن، بەڵکە لەبەر ئەوەی خوشکی، ژنی یان کچی ئەم شەهید یان ئەو بەرپرسن. لە هەموو ئەمانەش دژوارتر هەندێک لەو خانمانە خاوەنی تێڕوانینێکی باوکسالارانەن و پێگەی خۆیان لە سێبەری پیاوەکاندا تووندوتۆڵ دەبینن. نموونەی هەرە نوێی ئەم بۆچوونەش سکاندالی زەماوەندی نەسرین بەرواریی یە لەگەڵ سەرکۆماری کاتی عێراق، کە هاوکات سەرەک خێڵیشە و بەمەوە دەبێتە خاوەنی سێ ژن. نەسرین بەرواری لە ڕووی زانستییەوە لێهاتووە، لە ڕووی سیاسییشەوە خانمێکە خۆی پێگەیاندووە و بەوپەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە لە کۆشکی سپی بەرامبەر بە سەرۆکی ئەمریکا دەپەیڤی، وەلێ ئەم خانمە بەم شووەی کە کردی خۆی دابەزاندە ئاستی کۆیلەیەک کە موڵکی خاوەندارێکە. لە کلتووری خێڵدا ژن شتێکە لە شتەکانی پیاو، شوێنێکە وەک دۆڵاب کە شەرەفی پیاوەکەی تێدا هەڵگیراوە. نەسرین خەریک بوو ببێت بە سیمبۆلێک بۆ ژنی کورد، بەلام مەخابن بەم کردەوە(ئەنتی مرۆڤایەتی و ئەنتی فێمینیستی)یەی لە

مێژووی خەباتی ژنی کورددا خاڵێکی ڕەشی تۆمار کرد و بوو بە مایەی شەرمەزاری بۆ ژنی کورد.

لەم نموونەیەی دواییدا، مەبەستمە ئەو ڕاستییە بهێنمەوە بەر چاو کە چۆنێتی نەک چەندێتی ژنان گرنگە کە لە ناو ناوەندەکانی بڕیاردانادا هەبن. دەنا ژنێک کە خۆی هەڵگری نۆرمێک بێت کە ژن دەکات بە کۆیلە ناتوانێ بۆ ژن دەستکەوتێکی هەبێت، بە پێچەوانەوە لە دۆخێکی وادا ئەو ژنە دەبێتە هۆی پەرەدان بەو نۆرمە لە کۆمەڵگەدا. بە هەمان شێوەش ئەگەر پیاوانی فرەژن لە پۆستە باڵاکانی حکومەتدا هەبن، ئەو نۆرمە دەبێت بە مۆدێل و لەناو کۆمەڵگەدا پەرەدەستێنێ. ئەمەش بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم خەباتکارانی ژن کە بۆ نەهێشتنی ئەو نۆرمانە کار دەکەن. ((لە بەشی پێشنیارەکاندا هەندێ ڕێنومایی دەخەمە ڕوو تایبەت بەم دۆخە و پێشپێگرتنی دیاردەی شەرمەزاریهێنی وەک دۆخی ئەسرین و یاوەر.))

بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی دروست کار بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ژنان بکەین لە کوردستاندا، پێویستمان بە ناسینی ئەنەتۆمی کۆمەڵگەی کوردە. بێ ئەم ناسینە و بە بێ دەستنیشانکردنی ئەو ڤیرۆسانەی کە ڕێگە لە گەشەسەندنی تەندروست و ئاسایی کۆمەڵگە دەگرن، ناتوانین لە کێشەکان تێبگەین. بۆیە زۆر گرنگە لێکۆڵەر بە چاویلکەی زانست بڕوانێتە پێکهاتەکانی جەستەی و پێکهاتەکانی هزر و دەروونی کۆمەڵگە، نەک بە چاوی هەست و، نەک بە پاڵنەرە چەپاوەکانی نەست. بە هەمان شێوەش گرنگە خوێنەر بێ لایەن لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی بخوێنێتەوە و بە چاوی هزر لێی قووڵ بێتەوە.

بۆ ئەوەی کەشێکی تەندروست بۆ خەبات برەخسێ، چ خەبات بۆ کورد و چ خەبات بۆ ژن، دەبێت پێش هەموو شتێک جەستەی کۆمەڵگەی کورد لە ڤیرۆسی دووبەرەکی و ململانێی حیزبایەتی پاک بکرێتەوە. هزری کۆمەڵگە بەو ئاراستەیە بگۆڕدرێت کە سیستەمی بیرکردنەوەی لە ڕەهابینییەوە بەرەو ڕێژەیی بینین ببرێت. دەروونی کۆمەڵگە لە گرژییەوە بەرەو خاوبوونەوە برێت و گرێ ئاڵۆزکاوەکانی بکرێنەوە.

دیارە ئەمانەش بە تیۆری ئاسانن و لە پراکتیکدا سەختن،بەڵام مەحاڵ نین. ئەمانە کاری هەرەوەزیی پسپۆرانی هەموو بوارەکانە و لە پرۆسەیەکدا بە ئەنجام دەگات کە ساڵان دەخایەنێت و ملیۆنانی تێ دەچێت. ئەمەش ڕەوتی ئاسایی گۆڕانکارییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکە.

هەن پێیان وایە پدک و ینک کە سەرچاوەی ئەو ململانێیەن کە ئەو هەموو نەهامەتییەی لێ کەوتووەتەوە،دەبێت لەناوبچن و حیزبێکی ئەڵتەرناتیڤ لە جێگەیان دروست ببێت. ئەم بۆچوونە زیاتر سەرپێییە و ڕامانێکی تێدا نییە لە ئەنەتۆمی کۆمەڵگەی کورد و کۆهزر و

کۆدەروونی ئەو کۆمەڵگەیە، چونکە ئەم بۆچوونە پشتقایم نییە بە فاکتەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و کلتووری و لەم بۆچوونەدا ڕۆڵی داگیرکەرانی کوردستان لەبیر کراوە. پدک و ینک هەردووکیان لە منداڵدانی ئەو جەستەیەدا دروستبوون و دەرهاویشتەی ئەو باودۆخە نالەبارەن کە کوردستانی کرد بە کۆلۆنی و کورد بە کەمایەتی ژێردەست و، کلتوور و زمانی کورد بە نامۆ و قەدەغە و بەربەستکراو و چاندنی کلتووری بەعس لەناو هزری گشتی کۆمەڵگە لە ڕێگەی پەروەردە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە. کلتووری بەعس تا ئەمڕۆش ڤیرۆسی حەشاردراوە لە کۆدەروونی کۆمەڵگەی ئێمەدا و لەناو سیستەمی پەروەردە، سیستەمی داد، سیستەمی بیرکردنەوەی گشتیدا ڕۆژانە ڕەنگ دەداتەوە.

بۆ نموونە :کە بۆ چارەسەری کێشەیەک بیر لە زەبر و زەنگ دەکەینەوە و بۆ بنبڕکردنی ئەو کێشەیە پەنا بۆ لەناوبردنی بەرامبەر دەدەین، ئەمە ڤیرۆسی شاراوەی بەعسە لە توێی دەمارەکان و لەناو پێچاوپێچییەکانی دەروونمدا هانی ئەو هەڵوێستەمان دەدات. کە بۆ لێدانی پیاوێک سوکایەتی بە ژنەکەی، کچەکەی، خوشک و دایکی دەکرێت، هەمان ڤیرۆسە بزێوانە ڕۆڵ دەبینێ لە بەرجەستەکردنی ئەو هەڵوێستەدا.

بۆیە گرنگ تەنها ئەوە نییە کار بۆ گۆڕینی یاسا و دانانی یاسای مۆدێرن بکەین، هێندەی ئەوەی کە پێویستە هاوکات کار بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمانە بکەین و، تەنانەت ئەگەر پێویستیشی کرد سەرلەبەر هەڵیانوەشێنینەوە و هی نوێ لە جێگەیان بنیات بنێین.

بە بۆچوونی من، بە تایبەتی سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا هێندە ڤیرۆسی نەبینراوی بەعس لە توێی پەیام و ئاماژەکانی حەشارە کە نەوە لە دوای نەوە مرۆڤی سەقەت بەرهەم دەهێنێ و ئەم مرۆڤانە سەدان حیزبی دی دروست کەن لە حیزبەکانی ئەمڕۆ باشتر بەرهەم ناهێنن کە هەمووممان ڕەخنەمان لێیان هەیە. سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا بواری ئەوەی تێدا نەماوە کە کار بۆ چاکسازی بکرێت، بەڵکە ئاوەژووکردنەوەی ئەو سیستەمە بووەتە پێویستییەکی هەنووکەیی. گۆڕانی بناغەیی لە سیستەمی پەروەردە سەرەتایەکیشە بۆ گۆڕینی سیستەمی بیرکردنەوە، واتە کۆهزری کۆمەڵگەش لە ڕووانینی ڕەها بۆ دیاردەکان بەرەو ڕووانینی ڕێژەیی بۆیان.

## داخوازینامەی ژنی کورد و هەڵوێستی حکومەت:

کە داخواینامەی ژنی کورد لە 2004/7/12 دا لە کۆنفرانسێکدا لە پەرلەمانی کوردستان پێشکەش بە پەرلەمان و سەرۆکی حکومەتی ئیدارەی هەولێر کرا[3]، بوار بۆ گفتوگۆ

[3] بۆ ئاگاداری گشتی، ئەم داخوازینامەیە پێش کۆنفرانسەکەش لە دیدارێکدا پێشکەش بە بەڕێز د. بەرهەم ساڵح کرا و، پشتیوانی خۆی دەربڕی بۆ ئەو پرۆژەیە. لە کاتی دیدارەکەدا د. بەرهەم هێشتا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی بوو. د. بەرهەم بەڵێنی ئەوەشی دا کە لە کۆنفرانسی هەولێر بەشدار بێت و وتار بدا، بەڵام لە کاتی کۆنفرانسی هەولێردا ئیدی ئەو لە کوردستان نەمابوو، دەستی بە کاری نوێی خۆی کردبوو وەک جێگری سەرۆکی وەزیرانی عێراق.

ڕەخسێندراو ژنانێکی چالاک لە بواری خەباتی ژن بۆچوون و ڕەخنە و پێشنیار و پشتیوانی خۆیان دەربڕی. هەموو ئەو گفتوگۆیەی کە کرا ئاسایی بوون بە سەرنج و ڕەخنەکانیشەوە، بەڵام زەقترینی ئەو ڕەخنانە کە لە چەند خانمێکی (گوایە داکۆکیکار لە ژن!)ەوە بوو، ئەو ڕەخنەیە بوو لە ئێمە و پێیان وابوو "حکومەتی کوردستان زۆر کاری بۆ ژن کردووە و گوایە ئەوانەی ئێمە لە داخوازینامەی ژنی کورددا بەرجەستەمان کردووە لە کوردستاندا چارەسەر کراون و ژن ئەو کێشانەی نییە"! ئەم هەڵوێستە هەم سەیر بوو هەم نالۆژیکی. چونکە هەر بە سەرنجدانێکی سەرپێییش لە ڕەوشی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە ژنانی کۆمەڵگەی ئێمە حسابی مرۆڤی تەواو، عاقڵ، بەڕێز و خاوەن هۆش و هەستیان بۆ نەکراوە. نموونەکانیش هاوار دەکەن:

- پیاو هەتا ئەمڕۆش بۆی هەیە هاوکات چوار ژنی هەبێت (تەنانەت دوای دەرچوونی ئەو یاسایەش کە لە سلێمانی بۆ قەدەغەکردنی ئەم دیاردەیە دەرکرا).
- ژن دەدرێتە بەر چەقۆ، فیشەک، بەرد، تەور و دار و بە پاساوی شۆرینەوەی شەرەفی بنەماڵەکەی دەکوژرێت (تەنانەت دوای دەرچوونی یاسای قەدەغەکردنی کوشتن بە پاساوی شەرەف، کە لە پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر دەرچوو.)
- دوو ژن (ئەگەر پلەی دکتۆراشیان بەدەست هێنابێ) لە دادگاکانی کوردستاندا یەکسانن بە یەک پیاو (ئەگەر نەخوێندەواریش بێت)، لە گەواهیدان و لەبەردەم دادگاکاندا.
- توندوتیژی لە شێوەی فیزیکی و دەروونیدا بەرامبەر بە ژن لە خێزان و لە کۆمەڵگە و لە ناو دامودەزگاکانیشدا هەن و نکۆڵیان لێ ناکرێت. هەڵاواردن لە نێوان نێر و مێ لە سەرکردایەتی حیزبەکان زیاتر دیارە وەک لە بنکردایەتییەکان.
- خۆسووتاندنی ژنان تا دێ پەرەدەستێنێ.
- ژن لە ناوەندەکانی بڕیاردا ڕێژەی زۆر کەمە و، ئەو ڕێژە کەمەش وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە تەنها بۆ پڕکردنەوەی چەندایەتییە و لە هەندێ دۆخدا نەک هەر سوودی نییە بەڵکە زیانی زۆر بە ژن دەگەیەنێت، وەک نموونەکەی خانمی بەرواری.

ئەم خاڵانە سەرجەمی کەموکوڕییەکان نین و تەنها مشتێکن لە خەروارێک، ئیدی نازانم چۆن هەندێک لە (بەناو) خەباتکارانی مەسەلەی ژن پێیان وابوو ئەو مەسەلانە لە کوردستان چارەسەر کراون و حکومەت کاری زۆری بۆ ژن کردووە[4]. لێرەدا گرنگە ئاماژە بە هەڵوێستی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بکەم کە بەشداری گفتوگۆکانی کرد و وەک وەڵامێ بۆ ئەو خانمانەی

لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەوڵم دا پەیوەندی پێوە بکەم و بۆ کۆنفرانسی هەولێر بانگهێشی بکەم، بەڵام لەو کاتەدا لە عێراقیش نەبوو، بە سەفەرێکی ڕەسمی لە عەمان بوو.

[4] بۆ ئاگاداری خوێنەر ئەوانەی کە هەڵوێستی وایان هەبوو بە پەنجەی دەست دەژمێردران، زۆربەی ڕێکخراوەکانی ژنان و کەسایەتی و خەباتکاران پشتیوانییان لە داخوازینامەی ژنی کورد کرد. لەو ماوەیەدا کە لە کوردستان بووم و بۆ ئامادەکردنی ئەو کۆنفرانسە هەوڵم دەداهەندێک هەڵوێست و دیاردەی سەیریش هاتنە ئاراوە کە جێگەی سەرسوڕمانی من بوون کە ئێرە بە جێگەیان نازانم بۆ باس کردن و ڕەنگە لە لێکۆڵینەوەی تردا ببن بە نموونەی زیندوو.

كه پێیان وابوو زۆر شت كراوه، ڕاستییه‌كی گرنگی دركاند و به‌ ڕاستگۆییه‌وه‌ گووتی:(( ڕاسته‌ حكومه‌ت هه‌ندێ شتی بۆ ژنان كردووه‌ و هه‌ندێ هه‌نگاو نراون، به‌ڵام له‌ حه‌قیقه‌تدا زۆر زۆر كه‌موكوڕی تر هه‌یه‌ و پێویسته‌ چاره‌سه‌ر بكرێن.)) دیاره‌ ئه‌م گفتوگۆیانه‌ ڕاسته‌وخۆیش له‌ كوردستان تیڤییه‌وه‌ په‌خش بوونه‌وه‌. بێگومان له‌م دوو بۆچوونه‌ی سه‌ره‌وه‌ بۆچوونه‌كه‌ی سه‌رۆكی حكومه‌ت ته‌واوه‌ كه‌ كه‌موكوڕی زۆره‌ و ده‌بێت چاره‌سه‌ر بكرێت. به‌ ڕێزی ئه‌گه‌رچی به‌ دركاندنی ئه‌و ڕاستیه‌ كه‌موكوڕی حكومه‌ته‌كه‌ی خۆی ده‌ربڕی به‌رامبه‌ر به‌ مه‌سه‌له‌ی ژن، كه‌ ئه‌مه‌ ره‌خنه‌ له‌ خۆگرتنه‌ و لای من له‌و ڕووه‌وه‌ جێی بایه‌خ بوو كه‌ بۆ یه‌كه‌م جار بوو ببینم به‌رپرسێك له‌ پله‌ی ئیداری و سیاسی ئه‌ودا له‌ ناو كورردا ره‌خنه‌ له‌ كاری خۆی بگرێت. بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و كه‌موكورییه‌ش قه‌ره‌بوو بكاته‌وه‌ ئاماده‌یی پیشان داوه‌ و به‌ڵێنی داوه‌ كه‌ گۆڕانكاری ده‌ست پێ بكات و پێشوازی هه‌ر پرۆژه‌یه‌ك بكات كه‌ ره‌وشی ژن به‌ره‌و پێشه‌وه‌ ده‌بات. دوو مانگ به‌سه‌ر ئه‌و به‌ڵێنه‌دا تێپه‌ڕیوه‌ و ئه‌وه‌نده‌ی من چاودێری بارودۆخی كوردستان ده‌كه‌م هێشتا گۆڕانكارییه‌كی ئه‌وتۆ ڕووی نه‌داوه‌. به‌ڵام وه‌ك تیۆری له‌ په‌یوه‌ندی به‌ پرسی ژنه‌وه‌ ئه‌م قسانه‌شی له‌م یه‌ك دوو مانگه‌دا كردووه‌:

- له‌ ڕۆژنامه‌ی ڤه‌ته‌نی توركی، له‌ چاوپێكه‌وتنێكدا كه‌ ئه‌لیف ئورگو له‌ 2004/7/14 دائه‌ نجامی داوه‌، خانمی ڕۆژنامه‌وان لێی ده‌پرسێ: "باوكت، مامت و خه‌زوورت تێكه‌ڵ به‌ كاری سیاسین، هیچ ژنێك له‌ بنه‌ماڵه‌ی ئێوه‌دا نه‌هاتووه‌ته‌ ناو سیاسه‌ته‌وه‌؟". نێچیرڤان بارزانی به‌م شێوه‌یه‌ وه‌ڵامی داوه‌ته‌وه‌: " بۆ ئه‌وه‌ی ڕاستگۆ بم، نه‌خێر. یه‌كێك له‌ گه‌وره‌ترین هۆی دواكه‌وتوویی كۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ژنان بۆیان نه‌بووه‌ به‌شداری ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تی ببن. دایكم ژنێكی ڕۆشنبیره‌ و خه‌ڵكی سلێمانیه‌، دوو زمان ده‌زانێت، به‌ڵام ژنی ماڵه‌وه‌یه‌. یه‌كێك له‌و شتانه‌ی كه‌ من ده‌مه‌وێت بیكه‌م كاركردنمه‌ بۆ وه‌ده‌ستهێنانی مافه‌كانی ژنانی كورد، وه‌ك چۆن ئێوه‌ له‌ ڕێگه‌ی مسته‌فا كه‌ماڵه‌وه‌ به‌ده‌ستتان هێنا. من ده‌مه‌وێ ژن بهێنمه‌ ناو ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌." دیاره‌ ئه‌و دیمانه‌یه‌ دوورودرێژه‌ و من ته‌نها ئه‌و پرسیار و وه‌ڵامه‌م هێناوه‌ته‌وه‌ كه‌ تایبه‌ته‌ به‌ پرسی ژن و هه‌ڵوێستی سه‌رۆكی حكومه‌ت. ئه‌و وه‌ڵامه‌ی سه‌ره‌وه‌ بێجگه‌ له‌و دێره‌ی كه‌ خه‌تم به‌ ژێریا هێناوه‌ (پێم وایه‌ پێویست نه‌بوو بكرێت)، ئه‌وانی دی قسه‌ی جوانن و دووپاتكردنه‌وه‌ی ئه‌و به‌ڵێنانه‌یه‌ كه‌ له‌ دیداره‌كه‌ی هه‌ولێریشدا به‌ ئێمه‌ی دا. قسه‌یه‌كی تریش كه‌ دیسان له‌م ماوه‌یه‌دا له‌ دیمانه‌یه‌كدا له‌گه‌ڵ ڕۆژنامه‌یه‌كدا كردوویه‌تی و سایتی په‌یامنێریش بڵاوی كرده‌وه‌ باسی له‌ دانانی وه‌زاره‌تێكی تایبه‌تی كردووه‌ بۆ كاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی، بێگومان ئه‌وه‌ش ده‌توانێ یارمه‌تیده‌ر بێت.

بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ڵوێستی سه‌رۆكی حكومه‌ت له‌باره‌ی كاركردن بۆ مه‌سه‌له‌ی ژن و ئاساییكردنه‌وه‌ی ره‌وشی ژنانی كوردستان ڕۆشنتر بكه‌م، به‌ پێویستی ده‌زانم هه‌ڵوێسته‌كه‌ی، وته‌كانی و به‌ڵێنه‌كانی باس بكه‌م كه‌ له‌ دیداری یه‌كه‌ممدا له‌گه‌ڵ به‌ڕێزی كه‌ له‌ ته‌لاری ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران له‌ 2004/6/18 دا له‌ گفتوگۆیه‌كی یه‌ك كاتژمێرییدا، كه‌ تایبه‌ت بوو به‌ كێشه‌ی

ژن بە گشتی و پرۆژەی داخوازینامەی ژنی کورد بە تایبەتی. دیارە ئەو بەڵێنانە بۆیە بە پێویست دەزانم دەریانبڕم، چونکە بەڵێنێکی گشتییە و لە لایەن ئەووەوە وەک سەرۆکی حکومەت بە ژنی کورد دراوە و پێویستە ئەو بەڵێنە بگاتەوە بە گوێی خۆیان.[5] بەڕێز نێچیرڤان بارزانی گووتی: ((من پشتیوانی لە مەسەلەی ژن دەکەم، دەزانم ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر چەوساوەیە و پێم خۆشە هەتا لەم جێگەیەدام بتوانم کارێکی باش بکەم و بارودۆخی ژنان لە کوردستاندا باشتر بێتەوە. ئەم کورسییەی من لەسەری دانیشتووم بۆ جوانی نییە و هەتاهەتاییش نییە، پێم خۆشە ئەو ماوەیەی کە من لەسەری دانیشتووم و خاوەنی دەسەڵاتم، گۆڕانی باش و ئیجانی لە کۆمەڵگەکەمدا بکەم. لە بارەی مەسەلەی ژنانیش، من بە تەواوی پشتگیری لە مەسەلەکەتان دەکەم و هەرچی بە من بکرێ دەیکەم. بەڵام زۆر گرنگە ژنان خۆیان پرۆژەیان هەبێت و بێن ڕێنومایییمان بکەن و پێمان بڵێن چی بکەین.))

خاڵێکی گرنگی تر کە لەو گفتوگۆیەماندا جێگەی ئاماژەپێدانە، باسێک دەربارەی فرەژنی کرا و من بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆم ڕوون پیشانی سەرۆکی حکومەت بدەم گووتم: (کاک نێچیرڤان، من پێش ئەوەی بێم بۆ لات پرسیارم کرد ئایا دوو ژنت هەیە یان هەر یەک، چونکە ئەگەر دوو ژنت هەبووایە قەت ئامادە نەبووم بێم بۆ لات.)، ئەوە هەڵوێستی من بوو، وەڵامی ئەویش بۆ من ئەوە بوو، گووتی:(من زۆر دژی فرەژنیم، یەکێک لە پاسەوانەکانم کە زۆر زۆر دڵسۆزیش بوو بۆ من،ماوەیەک مۆڵەتی وەرگرت و دیار نەما، دوای پرسیم بۆ کوێ چووە، گوتیان ئەوە ژنی هێناوە، ژنی تری هەبوو، چەند منداڵیشی هەبوو. گووتم بە هیچ شێوەیەک ئیتر نابێت لەگەڵ من کار بکات. ماوەیەک دوای ئەوە ژنی یەکەمی هاتبوو بۆ لام و تکای لێ دەکردم کە بیگەڕێنمەوە سەر کار، بەڵام من قبوڵم نەکرد.) بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی باشە و من بەرز دەینرخێنم. بەڵام ئەوانەی کە تا ئێستا باسم کردن هەموویان هێشتا تیۆرین و پرسیار ئەوەیە کەی پراکتیزە دەکرێن؟؟ بۆ ئەوەی سەرەتایەک بۆ پراکتیزەکردنی داخوازیەکانی ژنی کورد و بەڵێنەکانی حکومەت لە ژن خۆیەوە هەڵقوڵێت، من پێشنیارەکانی خۆم بۆ حکومەت دەست پێدەکەم و ئەم هەڵوێستە پۆزەتیڤەی سەرۆکی حکومەتیش دەکەم بە سەرچاوە.

((ماویەتی))

لە بەشی داهاتوودا هەندێ پێشنیاری کۆنکریت دەخەمە ڕوو

---

[5] من بۆ گەیاندنی ئەو هەڵوێست و بەڵێنانە پێشتریش لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و لە تیڤیدا باسم کردووە. مەبەستیشم لە باسکردنی ئەوەیە کە ژنانی کورد بیر لە پرۆژەی گرنگ بکەنەوە بۆ گۆڕینی بارودۆخی ژنان و داوا لە حکومەت بکەن بۆ پشتیوانیکردن و جێبەجێکردنی، چونکە بە پێی بەڵێنی خۆی پشتگیری ئەو هەنگاوانە دەکات.